*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (148-163)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.8

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Dialogic Poetics in the Poetry of "Talaat Tahir"

Asst. Prof. Dr. Diyar Faeq Majeed*[1]
**Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Garmian University**

diyar.faeq@garmian.edu.krd

**Received:** 08/09/2025, **Accepted:** 22/09/2025, **Online Published:** 30/12/2025

## Abstract

Dialogue is regarded as an important literary technique, particularly in literary genres inclined toward prose. With the expansion of literature and the deepening of critical perspectives, the blending of genres has become a prominent phenomenon, through which dialogue has increasingly emerged as a technique in modern poetry. Talaat Tahir, as a pioneering voice in contemporary Kurdish poetry, has prominently employed this technique in the construction of his poetic texts. This study explores the poet's capacity to use dialogue as a technical tool in his works and aims to establish the foundations of dialogic poetics. Unlike many previous studies on dialogue in modern Kurdish poetry, which focused largely on the technique within narrative frameworks, this research adopts a different approach by examining dialogue through the lens of poetics. The central question is whether dialogue adds a new dimension to the poetic texture of the text. To achieve its objectives, the study applies a descriptive-analytical method. It is structured into two chapters: the first addresses dialogue and poetics from a theoretical perspective, while the second provides an analytical application of dialogic poetics in Talaat Tahir's works. One of the most important findings of the study is that Talaat Tahir effectively

[1] ***Corresponding Author:** Diyar Faeq Majeed, **E-mail:** diyar.faeq@garmian.edu.krd
**Affiliation:** Garmian University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

employs dialogue to enrich the poetic construction of his texts, elevating their aesthetic quality and enhancing their poetic presence.

**Keywords:** Dialogue, Poetics, Talaat Tahir

# شعرية الحوار في شعر طلعت طاهر

أ.م.د. ديار فائق مجيد

**قسم اللغه الكوردية- كلية التربية الاساسية- جامعة گرميان**

diyar.faeq@garmian.edu.krd

**الملخص**

يُعدّ الحوار تقنية أدبية مهمة، خاصة في الأنواع الأدبية المائلة إلى النثر. ومع توسع الأدب وتعميق الرؤى النقدية، أصبح مزج الأنواع الأدبية ظاهرة أدبية بارزة، من خلالها ظهر الحوار بشكل متزايد كتقنية في الشعر الحديث. ومن هذا المنطلق، برز الشاعر طلعت طاهر كصوت رائد في الشعر الكردي المعاصر، حيث وظّف هذه التقنية بشكل واضح في بناء نصوصه الشعرية. يسعى هذا البحث إلى استكشاف قدرة الشاعر على استخدام الحوار كأداة تقنية في أعماله، ويهدف إلى إرساء أسس الشعرية الحوارية. وعلى عكس العديد من الدراسات السابقة حول الحوار في الشعر الكردي الحديث، التي ركزت غالبًا على التقنية ضمن إطار السرد، يتبنّى هذا البحث منهجًا مختلفًا من خلال دراسة الحوار من منظور الشعرية، بما يتيح الإجابة على السؤال المركزي: هل أضاف الحوار بُعدًا جديدًا للنسيج الشعري للنص؟ ولتطبيق أهداف البحث، استخدم الباحث المنهج الوصفي التحليلي. وقد قُسم البحث إلى فصلين: الفصل الأول يتناول الحوار والشعرية من منظور نظري، بينما يقدم الفصل الثاني تطبيقًا تحليليًا للشعرية الحوارية في أعمال طلعت طاهر. من أهم النتائج التي توصل إليها البحث: أن طلعت طاهر وظّف الحوار بفعالية لإثراء البنية الشعرية لنصوصه، مما رفع المستوى الجمالي لأعماله وعزز حضورها الشعري.

**الكلمات المفتاحية:** الحوار، الشعرية، طلعت طاهر.

# شیعرییەتی دیالۆگ لە هۆنراوەکانی تەڵعەت تاهیردا

پ.ی. د. دیار فایەق مەجید

**بەشی زمانی کوردی- کۆلێجی پەروەدەی بنەڕەت- زانکۆی گەرمیان**

diyar.faeq@garmian.edu.krd

**پوختە:**

دیالۆگ بە تەکنیکێکی گرنگی ئەدەبی دادەنرێت، بەتایبەت لە ژانری پەخشان ئامێزدا، بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی ئەدەب و تێڕوانینی ڕەخنەی هاوچەرخدا، ئاوێتەبوونی ژانرەکان دەبێت بە دیاردەیەکی ئەدەبی، لەم سۆنگەوە دیالۆگ وەکو تەکنیك لەشیعری هاوچەخدا بەفراوانی ڕەنگیداتەوە. شاعیر تەڵعەت تاهیر وەکو دەنگێکی نوێی شیعری هاوچەرخی

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (148-163)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.8

کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو لە بنیاتی دەقی شیعرەکانیدا سودی لەم تەکنیکە وەرگرتووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی تواناکانی شاعیر لە مەزراندنی تەکنیکی دیالۆگ لە هۆنراوەکانی تەڵعەت تاهیردا و هەوڵدەدات کار لەسەر بنەماکانی شیعرییەتی دیالۆگ بەئەنجام بگەیەنێت، چونکە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەبوای تەکنیکی دیالۆگ لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ئەنجامدراون زیاتر کاریان لەچوارچێوەی ئەم تەکنیکەدا کردووە لەبەر ڕۆشنایی هونەریی چیرۆکیدا. توێژینەوەکەمان بەئاقارێکی جیاواز لەوانەی پێش خۆی کاری کردووە و هەوڵیداوە لەچوارچێوەی چەمکی شیعرییەتدا شیکردنەوە و ڕاڤە بۆ تەکنیکەکە بکات، بەواتایەکی دیکە توێژینەوەکە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا دیالۆگ چ زیادەیەکی خستووەتە سەر خەرمانی شیعرییەتی دەق؟ بۆ بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئامانجەکانی پشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاری بەستراوە. پێکهاتەی توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەردا؛ تەوەری یەکەم لەڕووی تیۆرییەوە تیشك دەخاتە سەر شیعرییەت و دیالۆگ لەئەدەبدا، تەوەری دووەم شیکاریی و ڕاڤەیە بۆ شیعرییەتی دیالۆگ لە هۆنراوەکانی تەڵعەت تاهیردا. لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە بەدەستی هێناون: تەڵعەت تاهیر دیالۆگی مەزراندووە لەبەرهەمهێنانی شیعرییەتی دەقدا، بەجۆرێك شاعیر توانیویەتی لەڕێی تەکنیکێکی دیاری گێڕانەوەوە ئاستی شیعرییەتی هۆنراوەکانی بەرز بکاتەوە و دەقەکانی سیمای شیعرییان بەسەردا زاڵ بێت.

**وشە کلیلییەکان:** دیالۆگ، شیعرییەت، تەڵعەت تاهیر.

**پێشەکی:**

دیالۆگ بە یەکێک لە دیارترین تەکنیکە باوەکان دادەنرێت، کە بەشدارە لە نوێکردنەوەی پێکهاتەی شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چونکە دیالۆگ ڕەهەندێکی دراماتیکی و کارلێککراو دەبەخشێت بە هۆنراوە و لە گوتارێکی داخراو و تاکلایەنەوە دەیگۆڕێت بۆ فەزایەکی کراوە کە دەنگەکان تێیدا یەکتر دەبڕن و گۆشەنیگاکان تێیدا هەمەڕەنگ دەبن. شیعرییەتی دیالۆگ تەنیا ئامرازێک نییە بۆ پەیوەندی نێوان دەنگەکانی ناو دەق، بەڵکو میکانیزمێکی هونەرییە کە تێیدا مانای قووڵ پەخش دەبێت کە پەیوەستە بە خود و ئەوانی دیکە، ناوەوە و دەرەوە و خەون و واقیع. لەم چوارچێوەیەدا هۆنراوەکانی شاعیر تەڵعەت تاهیر، وەک زەمینەیەکی لەبار بۆ بەدواداچوونی ئەم دیاردەیە دەردەکەوێت، بە جۆرێك سیماکانی دیالۆگ لە شیعرەکانیدا چڕتر دەبنەوە و تێکستەکە دەگۆڕێت بۆ شانۆیەکی زمانیی پڕ لە فرەچەشنی.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات شیعرییەتی دیالۆگ لە هۆنراوەکانی شاعیردا لە ڕێگەی شیکردنەوەی پێکهاتەی هونەری و ئەرکی واتایی بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هاوکات دەرخستنی ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕن لە ئەزموونی شیعریی تەڵعەت تاهیردا، کە لەسەر بنەمای هۆشیارییەکی ئێستێتیکی مۆدێرن دامەزراوە، بەوەی شاعیر دیالۆگ دەکاتە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هۆنراوە، ئەمەش وا دەکات بنیادی هۆنراوەی لیریکی تەقلیدی تێبپەڕێنێت.

ئامانج لەم توێژینەوەیە گەیشتنە بەو وەڵامەی: ئایا شیعرییەتی دیالۆگ لە هۆنراوەکانی شاعیردا لەڕووی بنیادی هونەری و ئەرکی دەلالەتەوە چۆن دەردەکەوێت و ئایا ئەم تەکنیکە چ ڕۆڵێک دەگێڕێت لە تیشک خستنە سەر دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شیعریی و تایبەتمەندیی شیعریی دەنگی شاعیر؟

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە پشت بە بنەماکانی میتۆدی توێژینەوەی وەسفیی شیکاری بەستراوە بۆ خوێندنەوەی تێکستە شیعرییەکان و شێوەیەکی خستەڕوو، و شیکارکردنیان و تێگەیشتن لە چۆنێتی پێکهێنانی بنیادی زمانی دیالۆگ لە بەرهەمهێنانی شیعرییەتدا.

توێژینەوەکە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێت: تەوەری یەکەم باسێکی تیۆرییە بۆ چەمك و تایبەتمەندیی شعرییەت و دیالۆگ، هەروەها تەوەری دووەم تەرخان کراوە بۆ شیکاری و ڕاڤەکردنی شێوازە جیاوازەکانی شیعرییەتی دیالۆگ لە هۆنراوەکانی شاعیردا. لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە بەدەستی هێناوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

### تەوەری یەکەم/ دەروازەی تیۆری

### یەکەم/ شیعرییەت:

ڕۆمان یاکۆبسن لە کتێبی پرسەکانی شیعردا، وای دەبینێت کە بابەتی شیعرییەت خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا دەبینێتەوە: چی وا دەکات پەیامێکی دەربڕاو ببێت بە بەرهەمێکی هونەری؟(الوتوات،2017: 41) یاکۆبسن ئاماژە بەوە دەکات شیعرییەت بەو مانایە دێت کە دەق بەهۆی بەکاربردن و مامەڵەی تایبەتەوە لەگەڵ زماندا جیا دەبێتەوە لە قسەی ئاسایی ڕۆژانە. بەم پێیە شعرییەت "بریتییە لەو ڕواڵەتانەی، کە زمانی ئاسایی دەکەن بە دەقی ئەدەبی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو شێواز و تەکنیك و فۆرمانەی ئەدیب یان شاعیر لە نووسینەکانی بەکاری دەهێنێت."(محمد، مستەفا، 2021: 46)

شیعرییەت لە توێژینەوە هاوچەرخەکاندا چەندین بەکارهێنانی هەیە، بۆ ئەوەی لە ئاستی جیاوازدا دەربکەوێت، بەڵام بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە لە دەقە ئەدەبییەکاندا هەیە، بەو پێیەی کە ئامرازەکانی بونیادنانی خۆیان لە زمانەوە وەردەگرن، واتە نوێنەرایەتی ئامرازێك دەکات بۆ ئاشکراکردن و شیکردنەوەی ئەدەب. (الخميس، 2020: 906)

شیعرییەت لە کێش و سەروا و وێنەی ڕەوانبێژی سنووردار ناکرێت، بەڵکو وەک جین کۆهێن پێناسەی دەکات، "لادانێکی بە ئەنقەستە لە نۆرمە ئاساییەکانی زمان، لەپێناو بەرهەمهێنانی کاریگەرییەکی ئێستێتیکی و مەعنەویی تایبەتدا".(Cohen, 1977, p. 13) بەم پێیە کاتێک دیالۆگ بە زمانێکی چڕ دەنووسرێت، پڕ لە وێنە و هێمایە، یاخود قرتاندن و ئاماژەدان، ئەوا سیفەتی شیعرییەت وەردەگرێت بەبێ ئەوەی ببێتە شیعر.

شیعرییەت مامەڵەکردنی تایبەتیی نووسەرە لە بەکاربردنی زماندا پشت بەست بە کەرەستی هونەریی لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا، ئەمەش وا دەکات دەقی ئەدەبی لە یەك کاتدا چێژ بەخش بێت و زیاتر لە ڕاڤە و لێکدانەوەیەك لەخۆ بگرێت و لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە جیا ببێتەوە.

### دووەم/ دیالۆگی شیعری:

دیالۆگ لە تێکستە ئەدەبییەکاندا ئامرازی پەیوەندیکردنە، بەڵام زۆرجار لە ئامرازێک بۆ گەیاندنی دەنگ یان ئاڵوگۆڕکردنی وشە تێدەپەڕێت و دەبێتە فەزای شیعرییەت کە لەسەر ئاماژە و هێما و چڕی زمان بنیاد نراوە. لێرەدا دیالۆگ تەنیا وەک کارلێکێکی زمانەوانی نێوان دوو کارەکتەر تێناگەین، بەڵکو وەک بوارێک کە تواناکانی شیعرییەت تێیدا دەردەکەوێت، واتە توانای زمان بۆ بەرهەمهێنانی مانا لە ڕێگەی خوازە و خەیاڵ و وێنەوە.

سروشتی دیالۆگی شیعری لە سروشتی دووانەیدایە: لە لایەک ئامرازێکی دراماییە و لە لایەکی دیکەوە پێکهاتەیەکی زمانەوانییە کە دەتوانێت تایبەتمەندییەکانی شیعر بەرجەستە بکات: وەک چڕبوونەوە، جێگۆڕکێ، پارادۆکس و وێنە. کاتێک دەنگی قسەکەران لە دەقەکەدا تێکەڵ دەبن، زمان لە سۆز جیا ناکرێتەوە، هەروەها مانا لە ڕیتم جودا ناکرێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، سوزان بێرنارد تێبینی ئەوە دەکات کە "زمانی شیعرییەت تەنیا ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی ئێستێتیکی و فیکرییە کە لە ناوەوە سەرهەڵدەدات" (بێرنارد، 1964، ص 42). لەم ڕوانگەیەوە دیالۆگ کە تایبەتمەندی شیعری هەیە لە یەک کاتدا ئامرازێکی جوانی و ڕۆشنبیری پێکدەهێنێت.

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (148-163)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.8

دیالۆگ لە شیعردا ئاڵوگۆڕێکی زمانییە لەنێوان دوو دەنگ، یان زیاتر، کە دەشێت ڕاستەقینە بێت، یان خەیاڵی. بەکاردێت بۆ تیشک خستنە سەر گرژی سۆزداری، یان بۆ پێشکەشکردنی بیرۆکەی دژ، یاخود بۆ بەرجەستەکردنی هەڵوێستێکی دیاریکراو.(العلوي، 2009: 132) دیالۆگ لە بنچینەدا تەکنیکێکی پەخشانە و زیاتر خاوەن زمانێکی ئاسایی پێوانەییە، کە بە مەبەستی لێکتێگەیشتن دەخرێتەڕوو، بەڵام لە شیعردا خاوەن تایبەتمەنی خۆیەتی و زیاتر لە فۆرمێکی پڕاوپڕ لە شیعرییەت دەردەکەوێت، چونکە شیعر بەرەو خودییەت پارسەنگ دەبێتەوە بە پێچەوانەی چیرۆك و ڕۆمان کە زیاتر بەرە بابەتی بوون دەچن. کەواتە لەو دەقە شیعریانەی دیالۆگ بەکاردەبرێت هەردوو لایەنی "خودی و بابەتی ئاوێتەی یەکتر دەبن و گوزارشت و هەست هاوتا دەبن، بەمەش زمان و وێنە و ڕیتم پشت بە کەرەستەی نوێ دەبەستن بۆ گۆڕینی شیعری لیریکی، لە لیریکیی خودییەوە بۆ لیریکیی گوزارشتکردن" (المرعی، 2007: 61)

لە دەقی گێڕانەوەییدا، سەرەتا تەنیا دیالۆگی دەرەکی بوونی هەبووە و لەگەڵ دەرکەوتنی میتۆدە نوێکانی چیرۆك و ڕۆماندا دیالۆگی ناوەکیش دەرکەوتووە، بەڵام لە شیعردا زیاتر دیالۆگی ناوەکی (مۆنۆلۆگ) زاڵە، چونکە هۆنراوە لە خود و هەستە تایبەتییەکانی شاعیرەوە نزیکە، واتە لە شیعردا (دیالۆگی ناوەکی بەربڵاوترە، چونکە شیعر خودییە و زیاتر پەیوەستە بە بیرە ناوەکییەکانی شاعیرەوە)(الخمیس، 2020: 908)

لە ئەدەبی نوێدا دیالۆگ ئاوێتەی زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکان بووتەوە(مەجید، 2017: 478)، بەتایبەتی ژانری شیعر. لە جیهانی ئەندێشەکراوی شیعردا، لەپاڵ ئەم دوو جۆرە سەرەکییەی دیالۆگدا شاعیران لە چوارچێوەی چەمك و یاسا ئێستێتیکییەکانی شیعردا چەندین جۆر و فۆرمی دیکەی شیعریان خوڵقاندووە، وەك دیالۆگی هەستی. مەبەست لەم جۆرە دیالۆگە ئەوەیە کە شاعیر لەبری کەرەستەی زمان پشت بە هەستەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ گفتوگۆی هەردوو لایەنی قسەکەر و گوێگر.

**سێیەم/ دیالۆگ لە هونەری گێڕانەوەدا:**

دیالۆگ یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکان لە بنیاتی تێکستی گێڕانەوەدا، ئەویش بەهۆی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی کە هەیەتی لە بەرەوپێشبردنی ڕووداو و ناساندنی کارەکتەر و بەرجەستەکردنی گرژی و چڕکردنەوەی ڕیتمی ناوەکی دەقدا. لە کاتێکدا گێڕانەوە بە شێوەیەکی نەریتی لەسەر پەخشان و وەسف بنیاد نراوە، کەچی ڕەهەندێکی دراماتیکی بە دەق دەبەخشێت، کە تێیدا زمان لە ئامرازێکی گێڕانەوەوە دەگۆڕێت بۆ ئامرازی کارلێککردن و ئاڵوگۆڕی دەنگەکان، ئەمەش کەشی دینامیکییەتی دەربڕین دروست دەکات کە ئەرکەکانی ڕاستەوخۆی قسەکردن تێدەپەڕێنێت.

دیالۆگ بەچڕی لە شیعری هاوچەرخدا بەکاردەبرێت، بەڵام لە بنچینەدا دیالۆگ بە تەکنیکێکی گێڕانەوە هەژمار دەکرێت و سەرەتای دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ داستان، "چونکە لە داستاندا دیالۆگەکانی پاڵەوانەکان بە زەقی بەدیار دەخرێ لەنێو خودی دیالۆگدا."(جەمیل، 2021: 276) لە ڕووی پێهاتە و شێوازیشەوە دیالۆگی نێو داستان خاوەن زمانێکی تایبەت بووە، واتە "خاوەن زمانێکی کاریگەر بووە و بە وتار بارگاوی کراوە دوور لە گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانە،"(جەمال، 2008، ص 90) چونکە لەلایەك داستان بە فۆرمی شیعر نووسراوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە دیالۆگەکان گوزارشت بوون لە گفتوگۆی نێوان کەسایەتی کارێزما و خاوەن هەژموون، وەك لە داستانی ئەلیادەی هۆمیرۆسدا " دیالۆگی بەهێز لە نێوان پاڵەوانانی جەنگ، وەک ئەخیلس و هێرقل دەبینین کە ململانێی وجودی و ڕەهەندی فەلسەفی دەربارەی چارەنووس و پاڵەوانێتی تێدایە."(Homer, 1998: 350)

بە هەمان شێوە شانۆ بە شێوەیەکی سەرەکی سوودی لە تەکنیکی دیالۆگ وەرگرتووە، واتە " ژانری شانۆ لەڕێی دیالۆگەوە هەوڵی داوە کارەکتەرەکان بناسێنێت و ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە ببات و وێنای ڕەوش و دیمەنە مرووییەکان بکێشێت."(نوفل، 2000: 115) دیالۆگ لە شانۆدا بەچڕی بەکاردەبرێت و خاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندییە، وەك:"ئابوریکردن لە بەکاربردن و ئاوازداری و پوختییە،"(محمد امین، 2020:460) چونکە دیالۆگ لە شانۆدا ڕاستەوخۆ لەسەر زاری ئەکتەری شانۆیی پێشکەش بە ئامادەبوان دەکرێت، ئەمەش وا دەکات ئەکتەر خۆی بە دوور

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (148-163)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.8

بگرێت لە دیالۆگی دوورودرێژ و ئاوازی دیالۆگ بە ڕیکخراوەیی پێشکەش بکات، هەروەها "ئیستاتیکای دیالۆگی درامی لە گوزارشتکردنی ڕوون و ڕەوانە سەبارەت بە دیمەنەکان، واتا بەرزکردنەوەی ئاستی وتووێژێژی ئاسایی بۆ ڕوونی و وردەکاری و چڕبوونەوە،"(محمد امین، 2020: 460) چونکە تەمومژ شانۆگەری لەناودەبات، بەوەی بینەر دەرفەتی ئەوەی نییە بگەڕێتەوە بۆ دیالۆگەکان کە تێیان نەگەشتووە، ئەم پرۆسەیە تەنیا لە کاتی خوێندنەوەدا فەراهەم دەبێت.

دیالۆگ لە هونەری گێڕانەوەدا تەنیا ئاڵوگۆڕێکی زمانیی نێوان کارەکتەرەکان نییە، بەڵکو کردەیەکی ئێستێتیکی و واتایی ئاڵۆزە. باختین دەڵێت: "دیالۆگ دانانی ئاگاییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئاگاییەکی دیکەدا، لە چوارچێوەی فەزاسازیی فرەدەنگیدا" (باختین، 1981، ص 259). لەم ڕوانگەیەوە، هەموو دیالۆگێک لە دەقی گێڕانەوەدا ڕەنگدانەوەی باکگراوندێکی فیکری و گۆشەنیگا و پێگەی کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەی قسەکەرە. قسەکردن لە ڕۆماندا، وەک تۆدۆرۆڤ ئاماژەی پێدەدات، بێلایەن نییە بەڵکو "پڕە لە لایەنگیری و پێکهاتەی قووڵی پەیوەندییەکان لە دەقەکەدا دەردەخات" (تۆدۆرۆڤ، 1981، ص 102).

لە دەقی گێڕانەوەی کوردیدا دیالۆگ پێگەیەکی سەرەکی لە بەرهەمی ڕۆماننووساندا هەیە، هەر لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە بۆ حسەین عارف و تاوەکو بەختیار عەلی تێدەپەڕێت، هەروەها وەک ئامرازێک بۆ وروژاندنی پرسیاری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەن دا، دیالۆگ تەنیا وەک کردەیەکی زمانیی بەکارنەبراوە، بەڵکو لەوە تێدەپەڕێت و بۆ دەرخستنی پرسی (کێ خاوەندارێتی دەسەڵات دەکات)؟ کاتێک کارەکتەرێک دەپرسێت: " لە کێ دەپارێنەوە؟ لە من یان لە باوکم؟ لە خودای ئاسمانان.... یان شەیتان؟ یان لە سەگە پیس و نەگرسەکان؟"(حەسەن، 2012: 12)

کاتێک سەیری پەیوەندی نێوان دیالۆگ و واقیع دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرێک لە توێژینەوەکان دیالۆگ وەک ئامرازێک بۆ لاساییکردنەوەی واقیع دەبینن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە وەک بنیادێکی هونەری تەماشای دەکەن، کە ئامانج لێی دروستکردنی واقیعێکی زمانیی جێگرەوەیە. ئەمە مانای ئەوەیە کە دیالۆگ لەوانەیە لە ڕواڵەتدا واقیعی دەربکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا پێکهاتەیەکی وردە کە تەکنیکی گێڕانەوەیی ئاڵۆز لە پشتیەوە دەشاردرێتەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە ئیگڵتۆن ئاماژەی پێکردووە کاتێک دەڵێت: "دیالۆگی هونەری نوێنەرایەتیەکی بە ئەنقەستی واقیعە نەک کۆپی ڕاستی".(Eagleton, 1996, p. 75)

لێرەوە، شیکردنەوەی دیالۆگ لە هونەری گێڕانەوەدا پێویستییەکی هونەریی دووانەیی دەسەپێنێت: یەکەم، خوێندنەوەی لە چوارچێوەی گشتی دەقەکەدا و دووەم، سەرنجدانە لە ئەرکەکانی، ئەوانیش ئەرکی گێڕانەوە و ئێستێتیکی و کردارە مەعریفیەکانیەتی. مەحاڵە ئەم دوو خاڵە جیا بکەینەوە بەبێ ئەوەی بکەوینە ناو سادەکردنەوەی دیالۆگەوە، بەتایبەتی لە ڕۆمانە مۆدێرنەکاندا دەتوانێت ئەرکی هێمایی هەڵگرتبێت.

**چوارەم/ دیالۆگ لەنێوان شیعر و پەخشاندا:**

سنووری کۆنکریتی لە نێوان شیعر و پەخشان چیتر وەک سەردەمی کلاسیک نەماوە، کە شیعر پەیوەندی بە کێش و سەرواوە هەبوو، هەروەها پەخشان پەیوەست بوو بە گێڕانەوە و بەسەرهاتەوە. لە ئەدەبی مۆدێرندا، جۆرێك لە پراکتیزەکردنی نووسین دەرکەوتووە کە ئەو دوو ژانرە تێکەڵ دەکات، شتێک دروست دەکات کە دەتوانرێت پێی بگوترێت "دیالۆگی نێوان شیعر و پەخشان" کە ئەم جۆرە دیالۆگە نەک تەنیا فۆرم نییە، بەڵکو ئێستێتیکی و واتایی و مەعریفییە. ئەم دیالۆگە گۆڕانکاری لە ئەرکەکانی زمان لە سەردەمی مۆدێرندا بەرهەمی هێناوە. تۆدۆرۆڤ دەڵێت: "جیاکردنەوەی یەکلاکەرەوە لە نێوان ژانرەکانی ئەدەبدا چیتر بوونی نییە، چونکە ئەزموونی مرۆڤ بەسەر بەشی جیاجیادا دابەش نابێت، بەڵکو وەک ژانرەکان ئاوێتە و تێکەڵ دەبن"(تۆدۆرۆڤ، 1981، ص 15). لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین: لەم سەردەمەدا شیعر و پەخشان دەچنە ناو پەیوەندییەکی دیالێکتیکیەوە، کە هەریەکەیان توخمەکان لە

ئەوی دیکەوە وەردەگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی شێوەی دووڕەگ کە لە پۆلێنکردنی کلاسیکی تێدەپەڕێت، وەک: "پەخشانەشیعر"، "ڕۆمانە شیعر" و "یاداشتی بیرەوەری".

ئەدەبی هاوچەرخی کوردی وەك بەشێك لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی لە کۆتاییەکانی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە پەیوەندی نێوان شیعر و پەخشان ئاسۆیەکی ئێستێتیکی نوێی بەخۆوە بینیوە. لەم ڕووەوە ئەدۆنیس نووسیویەتی: «شیعر لە کۆت و بەندی کێش و سەروا دەربازی بووە و لەگەڵ زماندا چووەتە ناو پەیوەندییەکی نوێوە، پەیوەندییەک کە لەگەڵ پەخشان نزیك دەبێتەوە، بەڵام جەوهەری شیعری خۆی لەدەست نادات"(ئەدۆنیس، 1992، ص 47).

پەخشانەشیعر بەرجەستەترین دەرکەوتنی ئەم دیالۆگە دەنوێنێت، چونکە لە ڕووی شێوەی دەرەکییەوە بە زمانی پەخشان نووسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو چڕبوونەوە و لادان و هێما دەڕوات، کە ئەمەش تایبەتمەندییە نەریتییەکانی شیعرن. ڕەخنەگری فەڕەنسی (سوزان بێرنارد) بەم شێوەیە گوزارشت لەم جۆرە شیعرە دەکات و دەڵێت: "پەخشانەشیعر نکوڵی لە کێش دەکات، بەڵام شیعر دەپارێزێت" (بێرنارد، 1959، ص 12). نکۆڵی کردن لە فۆرمی تەقلیدیی شیعر و پاراستنی جەوهەری ئێستێتیکی شیعر ئەوە دەردەخات کە ئەم فۆرمە هاوچەرخەی شیعر زیندوێتی و سەرنجڕاکێشی دەبەخشێت.

لەبەرامبەریشدا پەخشانی هونەریی، بەتایبەتی ڕۆمان، ئیلهامی لە ڕەهەندی شیعرییەوە وەرگرتووە، هەم لە ئاستی زمان و هەم لە ئاستی بینیندا. ڕۆمانی مۆدێرن چیتر تەنیا بە وەسفکردنی واقیع نەوەستاوە، بەڵکو هەوڵدەدات شیعرییەت بە گێڕانەوە ببەخشێت و ڕەهەندی تێرامانی و میتافۆری و زمانێکی بەرزی پێ ببەخشن. ڕۆماننووسانی وەک شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و کاروانی کاکەسوور ئەم ڕەوتە نموونە دەکەن، چونکە لە تێکستەکانیاندا زمانی شیعری لەگەڵ پێکهاتەی گێڕانەوەدا تێکەڵ دەبێت و گێڕانەوە دەبێت بە ئامرازێک نەک تەنیا بۆ گواستنەوەی بەسەرهاتەکان، بەڵکو بۆ گوزارشتکردن لە دیدێکی وجودی قووڵ.

ئەم کارلێکردنەی نێوان شیعر و پەخشان تێکستی دوو ڕەگەزی لە ئاستی پێکهاتە و زماندا بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش وای لە هەندێک لە ڕەخنەگران کردووە داوای تێپەڕاندنی پۆلێنکردنی شیعر و پەخشان بکەن لە بەرژەوەندی چەمکەکانی وەک تێکستی کراوە یان نووسینی ئازاد. عەبدولفەتاح کیلیتو لەم بارەیەوە دەڵێت: "هیچ ژانرێکی ئەدەبی پاک و پوخت بوونی نییە. هەموو دەقێک لە کۆتاییدا دیالۆگێکە لە نێوان چەند جۆرێکی جیاواز لە گوتاردا" (کیلیتو، 1991، ص 39). ئەم دیالۆگە هەمیشە ئاسان نییە. کێشەی ڕەخنەیی و ئێستێتیکی دەوروژێنێت، چونکە تێکەڵکردنی ژانرەکان دەبێتە هۆی لەدەستدانی تایبەتمەندیی هونەری و تێکستەکە دەخاتە ناوچەیەکی ناڕوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تێکەڵبوونە بەرهەم و پەرچەکرداری سەردەمی نوێیە، وەک: دەربڕینی ئازادیی ڕادەربڕین، پەرەسەندنی چێژ و کراونەوەی زمان بۆ شێوە نوێکانی نووسین.

لە ئاستی مەعریفیدا، دەتوانین بڵێین شیعر گوزارشت لە ساتگەلێکی چڕ دەکات، لە کاتێکدا پەخشان گوزارشتە لە درێژبوونەوەی کات. واتا شیعر سەرنج دەخاتە سەر چاوترووکانێك، لە کاتێکدا پەخشان دوای گۆڕان دەکەوێت. کەواتە ئاوێتەکردنی شیعر لەگەڵ پەخشان، یان تێکچڕژانیان گوزارشت لە هەوڵێک دەکات بۆ کۆکردنەوەی هەردوو ئەزموونەکە لە یەک ساتدا: چرکەسات و کات، چڕی و درێژبوونەوە، وێنە و بەسەرهات.

لە کۆتاییدا، پرسیارەکە چیتر ئەوە نییە: (ئایا ئەمە تێکستێکی شیعرییە یان پەخشان؟) بەڵکو بووە بەوەی: (چۆن ئەم دەقە تایبەتمەندی شیعری یان پەخشانی بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی مانا و جوانی؟) دیالۆگی نێوان شیعر و پەخشان مانای هەڵوەشاندنەوەی جیاوازییەکان نییە، بەڵکو بنیادنانی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ و کارلێکردنە کە تێکستەکە دەوڵەمەندتر دەکات و کاریگەرییەکەی قووڵتر دەبێت. هەر ئەمەشە کە لێکۆڵینەوەی ئەم دیالۆگە دەکاتە دەروازەیەکی

گرنگ بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی ئەدەبی هاوچەرخ و تێپەڕاندنی دوانەییە کۆنەکان کە چیتر بۆ تێگەیشتن لە تێکستەکانی ئەمڕۆ گونجاو نین.

**پێنجەم/ شیعرییەت وەک تایبەتمەندییەک لە نێو دیالۆگدا**

**1- دیالۆگ وەک پراکتیکی زمانیی**

زمان جەوهەری داهێنانی ئەدەبییە، بەڵام تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی یان گەیاندنی مانا نییە، بەڵکو لە تێکستی داهێنەرانەدا، بەتایبەتی ئەو تێکستانەی پشت بە دیالۆگ دەبەستن، دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی ئێستێتیکی کە لە ڕێگەیەوە دیدگا بنیاد دەنرێت و پەیوەندی نێوان کارەکتەر و ماناکان دروست دەکرێت. ئەگەر دیالۆگ ئەو فەزایە بێت کە دەنگەکان لە نێو تێکستەکانی گێڕانەوەدا لە ڕێیەوە کارلێك دەکەن، ئەوا شیعرییەتی زمان وزەی ئێستێتیکیی شاراوەی ئەم دیالۆگەیە، کە قووڵبوونەوە و کاریگەری و دینامیکیی هونەری پێ دەبەخشێت.

زمانی کارەکتەر لە زۆربەی تێکستی گێرانەوەیی هاوچەرخدا پڕە لە قووڵبوونەوەی هێمایی و چڕی شیعری، بۆ نموونە لە ڕۆمانی پیرەمێرد و زەریادا کارەکتەرێک دەڵێت: "مرۆڤ دەکرێت تێکبشکێنرێت، بەڵام ناتوانرێت ببەزێنرێت"(Hemingway, 1952: 103)، ئەمە تەنیا دیالۆگێکی زانیاریی بەخشین نییە، بەڵکو ڕستەیەکی بارگاویکراوە بە ئاماژەی شیعرییەت، کە لەسەر بنەمای میتافۆری ناوەکی و چڕبوونەوە و تێرامانی فەلسەفی دامەزراوە، بە هەمان شێوە لەڕێی زمانی میتافۆر و پشت بە شعرییەت وەك ئاماژەیەك بۆ کار و کردەوەی نامرۆڤانە و دەرچوون لە سروشتی بەها بەرزەکان، کارەکتەرێك لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران)دا دەڵێت: "ئەوەتەی دونیا هەیە هەر کاتێك یەکێك ویستبێتی لەخۆی ڕابکات، ڕایکردووە بۆ ناو سروشت."(عەلی، 2024: 150)

دیالۆگ چونکە لە تێکستیکی ئەدەبیدا بەرهەم دەهێنرێت، هەربۆیە زمانەکەی بە گۆڕانی هونەریدا تێدەپەڕێت و جیاوازە لە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە، بەڵکو کارەکتەرەکان قسەکانیان پڕن لە ئاماژە، دڵەڕاوکێ، هێما، ڕیتم و چڕبوونەوە، ئەمەش وا لەم زمانە دەکات بەرەو شیعرییەت هەنگاوبنێت. لەم ڕووەوە (تۆدۆرۆڤ) دەڵێت: "شیعرییەتی زمان لە دەقی گێرانەوەییدا بەتایبەتی لە دیالۆگەکاندا دروست دەبێت، چونکە ڕێگە بە فرە دەنگی دەدات و پێکهاتەی ئێستێتیکی ناوەکی دەقەکە دەردەخات" (تۆدۆرۆف، 1981، ص 104).

**2- شیعرییەتی دیالۆگ و ڕوونی (شەفافییەت)**

هەرچەندە، شیعرییەتی زمان لە دیالۆگدا کێشەیەکی سەرەکی لە تێکستەکانی گێرانەوەدا دروست دەکات، ئەویش گرژی نێوان شەفافیەتی پەیوەندیکردن و چڕی شیعریە، بەڵام تاوەکو زمان شیعرییەتی زیاتر بێت، ئەگەری ناڕوونی و دوورکەوتنەوە لە زمانی سروشتی زیاتر دەبێت، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی ناو دەق، یان لەگەڵ خوێنەر. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە ڕەخنەگران، وەک (ڕۆمان یاکۆبسن)، لەو باوەڕەدان کە شیعرییەت کرداری پەیوەندیکردن لاواز ناکات، بەڵکو لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی ئێستێتیکیی نوێدا شێوەی دەداتەوە، کاتێک دەڵێت، "ئەرکی شیعرییەت جەختکردنەوەیە لەسەر خودی پەیامەکە" (یاکۆبسن، 1960، ص 356)، ئەو پێشنیازی ئەوە دەکات کە شیعرییەت بەربەست نییە بۆ تێگەیشتن، بەڵکو شێوازێکی دیکەی دەربڕینە.

لە پەخشانەشیعردا شیعرییەت لە ڕێگەی دیالۆگی ناوەکیەوە دەردەکەوێت، کە دەنگی خود لەگەڵ دیالۆگی گریمانەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا تێکەڵ دەبێت. زمانەکە دەگۆڕێت بۆ شتێک کە لە گفتوگۆیەکی بێدەنگ دەچێت، کە قسەکەر تێکەڵ بە خود و جیهانی دەوروبەردا دەبێت، بە بەکارهێنانی زمانێک کە لە نێوان شەفافییەت و لادان، لەنێوان ئاشکراکردن و ئاماژەکردندا دەجوڵێت.

کاتێک دیالۆگ بە زمانێکی شیعرییەت دەنووسرێت، فۆرم ناگۆڕێت بۆ شیعر، بەڵکو ڕەهەندێکی ئێستێتیکی پەیدا دەکات کە دەقەکە دەوڵەمەندتر دەکات و پێکهاتەکەی ئاڵۆزتر دەکات و مانایەکی قووڵتری پێ دەبەخشێت. چۆنێتی شیعرییەتی زمان لە نێو دیالۆگدا تەنیا ڕازاندنەوەی فۆرم نییە، بەڵکو ستراتیجێکی دەربڕینە کە ڕێگە بە نووسەر دەدات وزەی گوزارشتی چڕ بە دەنگی تاک ببەخشێت و قسەی ئاسایی بگۆڕێت بۆ ڕووداوێکی ئێستێتیکی. بەم شێوەیە دیالۆگ دەبێتە ئامرازێك کە ڕەوانبێژی لەگەڵ گێڕانەوە، گوزارشتی ناخ لەگەڵ خەیاڵ و جوانی یەکتر ببڕن، لەم ڕووەوە (میخائیل باختین) دەڵێت: "جیاوازی لە نێوان دیالۆگ لە ڕۆمان و گوتاری شیعریدا هەیە و هەریەکەیان کاریگەرە بە سروشتی پێکهاتەی تایبەت بە خودی ژانرەکەیەوە."(هلال، 2006: 155)

**بەشی دووەم/ شیعرییەتی دیالۆگ لە هۆنراوەکانی تەڵعەت تاهیردا**

زمان بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی شیعرییەتی دیالۆگی تێکستی شیعری دادەنرێت، چونکە بنیاتی گوزارشتکردن پێکدەهێنێت و دەنگەکان لە ڕێگەیەوە بنیاد دەنرێن و ماناکان پێکدەهێنرێن. زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی مانا، بەڵکو توخمێکی ئێستێتیکی و هونەرییە کە دەلالەت بە دیالۆگ دەبەخشێت و ڕادەی لادانی لە زمانی ئاسایی بۆ زمانێکی پڕاوپڕ لە ئاماژە و هێما دیاری دەکات. شاعیر تەڵعەت تاهیر لەڕێی مامەڵەی تایبەتەوە لەگەڵ زماندا لە هۆنراوەکانیدا شیعرییەت لە دیالۆگدا ساز دەکات و بە چەند شێوەیەکی جودا دیالۆگی فەراهەم کردووە، لە گرنگترینیان:

**یەکەم/ دیالۆگی هەستی**

دیالۆگ لە ڕێی پرۆسەی قسەکردنەوە ئەنجام دەدرێت، ئەم کردەیەش پشت بە زمان دەبەستێت کە لەنێوان دوو کارەکتەر، یان زیاتر ئاڵوگۆڕی قسەکردن دەکرێت، لەم پرۆسەیەدا کارەکتەرەکان پشت بە هەستی بیستن دەبەستن، چونکە گفتوگۆکان لەڕێی دەنگەوە ئاراستەی یەکتر دەکرێن، ئەم جۆرە دیالۆگە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە دیالۆگی دەرەکی دەناسرێتەوە، هەروەها دیالۆگی ناوەکی (مۆنۆلۆگ) بە جۆری دووەمی دیالۆگ دادەنرێت کە مەبەست لێی ئەو قسە و باسانەن کە کارەکتەر لەڕێی پرۆسەی زەینی و بەبێدەنگی ئاراستەی خۆی دەکاتەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت بەشێك لە ڕەخنەگران باس لە جۆرێکی دیکەی دیالۆگ دەکەنەوە کە بە دیالۆگی هەستی ناوی دەبەن تێیدا کارەکتەرەکان، یان یەکێك لە کارەکتەرەکان پەنا دەباتە بەر توانا هەستیەکانی، وەك: هەستی: (بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن و تامکردن)، واتە "دیالۆگ تەنیا بە زمانی قسەکردن سنووردار ناکرێت، بەڵکو خۆی لە زمانی جەستە و سیستەمی هێما بینراوییەکان بەرجەستە دەکات،"(هلسا، 1981: 144) چونکە گفتوگۆ پرۆسەیەکی فراوانە، واتە "دیالۆگ فراوانترە لە قسەکردن"(کوندیرا، 1986: 72)، لەم ڕووەوە شاعیر تەڵعەت تاهیر لە دەقی (فرمێسك)دا دەڵێت:

**فیتەرەکان، بە هەمووویانەوە ئۆتۆمبێلە کۆنەکەی باوکمیان بۆ چاك نەکرایەوە**

**شاگردێك دیار بوو حەزی لە کتێب بوو، گوتی:**

**حاجی گوێی مەدەیێ**

**لە هەورازی مێژووەوە بۆ دامێنی ئێستا، لە نەوەی پێش نەوەکانمانەوە**

**فرمێسك دەخەینە پاترییەکەوە و ئەم نیشتمانە پاڵ دەنێین ئیش ناکا و ناکا.** (تاهیر، 2021: 64)

لەم دەقەدا شاعیر لە ڕێی هەردوو هەستی بینین و هەستی بیستنەوە دیالۆگێکی هەستی دروست کردووە و تیشك دەخاتە سەر پرسی نیشتمان کە وەك خەمێکی دێرینی شکستخواردوو وەسفی دەکات، هەروەك چۆن گوتەکانی شاگردەکە کە لە ڕێی لێکچواندنێکەوە لە نێوان ئۆتۆمبێلێکی کۆن و نیشتمانێکی دێرین ئەنجام دراوە، دەداتە پاڵ گەنجێکی خوێندەوار، ڕاستە ئەم وەسفە ڕوونە و خوێنەر هیچ پێویستی بە بارگرانی نییە بۆ لێکدانەوەی، بەڵام پەیامی شاعیر

ئەوەیە کە کەسانی خوێندەوار توانای تێڕامان و لێکدانەوەی دروستیان هەیە، بەڵام لە شوێنی شایستەی خۆیان نین (خوێندەوار = شاگرد)، هەروەك چۆن بەشێك لە ڕاڤە و لێکدانەوەکان بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، بەوەی ئەم نیشتمانە گەر بە دەستی کەسی خوێندەواری وەك شاگردەکە، یان کەسانی تێگەیشتوو و دانا بوایە دەمێك بوو پاتری نیشتمان بە شێنەیی کاری خۆی کردبوو. باختین پێی وایە "دیالۆگ تەنیا ئاڵوگۆڕی وشە نییە لەنێوان دوو کارەکتەردا، بەڵکو شوێنی ململانێ و کارلێکی نێوان دوو ئاگاییە. ئەو دەڵێت "هەموو وشەیەک لە دیالۆگدا دەنگدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فیکریی قسەکەر هەڵدەگرێت" (باختین، 1981، ص 259). لەم ڕوانگەیەوە، دیالۆگ تەنیا پێکهاتەیەکی فۆرمی نییە، بەڵکو هەڵگری دیدگا و هەڵوێست و زمانێکی تایبەتییە.

**دووەم/ ئاوێتەکردن و پەلکێشکردنی خوێنەر بۆ نێو پرۆسەی دیالۆگ**

شاعیر لەڕێی ورووژاندن و ئاماژەدانەوە وا دەکات خوێنەر ڕاڤە بۆ دیالۆگی نێو هۆنراوەکەی بکات و بەپێی باکگراوندی ڕۆشنبیری خۆی و تێگەیشتنی لە مۆتیڤەکە بەشدار بێت لە دیالۆگەکە، چونکە" گفتوگۆی شیعریی تەنیا کار لەسەر پەیوەندی نێوان گفتوگۆکەرانی ناوەوەی دەق ناکات، بەڵکو وەرگر (خوێنەر)یش دەکات بە بەشێك لەو دیالۆگە."(المرعی، 2007: 60)، لەم ڕوانگەیەوە تەڵعەت تاهیر لە لە هۆنراوەی (بۆنی شیر)دا دەڵێت:

**بە دار چوالەم گوت:**

**باسی خودام بۆ بکە خوشکم..**

**چرۆی کرد** (تاهیر، 2021: 55)

لێرەدا گفتوگۆ لە نێوان دوو کارەکتەر دروست ئەبێت، کارەکتەری قسەکەر، لەگەڵ کارەکتەری گوێگر (دار چوالە). کارەکتەری قسەکەر پرسیارێکی خوازەیی ئاراستەی کارەکتەر گوێگر دەکات، ئەویش بە کردەی چرۆکردن پەیامی خۆی بۆ ئاشکرا دەکات، واتە پرۆسەی گفتوگۆکردن لەڕێی زمانی قسەکردن (باسی خودام بۆ بکە) و پشت بەست بە هەستی بیستن ئاراستە کراوە و لە ڕێی کردەی (چرۆی کرد) و پشت بەست بە هەستی بینین، وەك وەڵامێك بەرجەستە کراوەتەوە. واتە لە چەمکی (خوشك)دا زمان بە شیعرییەت بارگاوی دەکرێت، بەوەی خوشك پاك و بێکەردە، بە جۆرێك بە چرۆکردن وەڵامی پرسیارە خوازەییەکە دەداتەوە، لێرەوە زەینی خوێنەر بۆ مۆتیڤی سەرەکی دیالۆگەکە دەچێتەوە کە قسەکردنە لەسەر (خوا)، بەمەش وەرگر (خوێنەر) پەلکێشی نێو دیالۆگەکە دەکرێت، چونکە خوێنەر وەڵامێکی کۆنکرێتی لە کردەی دیالۆگە هەستییەکەی بەدەست نەهێناوە و شاعیر خوێنەر دەخاتە بەردەم تێڕامان بۆ ڕاڤکردنی چەمکی خودا و خوشك و هەر خوێنەرێك بەپێی پێشینەی ڕۆشنبیری خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکات.

بەهەمان شێوە شاعیر لە دەقی (بۆنی شیر)دا دەڵێت:

**دایکمان لە تەنیشت دایکی ناشت**

**مەلا هەر باسی ئاگری قیامەتی دەکرد**

**کەچی لە قەبرستانەکە تەنیا بۆنی شیر دەهات.** (تاهیر، 2021: 63)

لەم دەقەدا دیسانەوە دیالۆگی هەستەکان بەدەر دەکەوێت، بەوەی چەند کەس دایکیان دەنێژن، ئەم کردەیە لە ڕێی هەستی بینینەوە درکی پێدەکرێت، پاش ئەم کردەیە و وەك وەڵامێك بۆ ئەم دیالۆگە بێدەنگە، کارەکتەر (مەلا) لەڕێی دیالۆگێکی بیستراوەوە باسی ئاگری قیامەتیان بۆ دەکات، دوابەدوای ئەم وتانە ئامادەبووانی سەر گۆڕەکە لەڕێی هەستی بۆنکردنەوە (بۆنی شیر) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامێك لەبارەی قسەکانی کارەکتەر مەلا بەر یەکێك لە هەستەکانیان دەکەوێت. لەم دیالۆگەدا سێ هەست بەشدارە: (بینین، بیستن، بۆنکردن). دیارە لێرەدا زمان بە ئاراستەی شیعرییەت

ڕۆشتووە و وا دەكات خوێنەر ئامادەیی تەواوی هەبێت لە ڕاڤە و شیكردنەوەكاندا، بەجۆرێك خوێنەر لەڕێی وێنا زەینییەكانی خۆییەوە وا هەست بكات لە پرۆسەی ناشتەنەكە ئامادەیە و تێبینیشی لەسەر دیالۆگەكە هەیە، بەتایبەتی دیالۆگە بیستراوەكە، ئەمەش یەكێكە لە گرنگترین تایبەمەندی و دروشمەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ بۆ كارا كردنی خوێنەر لە چوارچێوەی ڕاڤەی دەقدا.

**سێیەم/ ئاوێتەكردنی دیالۆگی دەرەكی و دیالۆگی ناوەكی**

لەم جۆرە دیالۆگەدا هەردوو جۆری دیالۆگی دەرەكی و دیالۆگی ناوەكی بەكاردەبرێت، بەجۆرێك لە چوارچێوەی دیالۆگەكەدا دوو كارەكتەر ئامادەییان هەیە، بەڵام یەكێك لەو كارەكتەرانە لەڕێی دەنگەوە قسەكانی ئاراستەی كارەكتەری دووەم دەكات، كەچی كارەكتەری دووەم بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و لەڕێی زەینییەوە وەڵام دەداتەوە، واتە بە مۆنۆلۆگ، لەم ڕووەوە شاعیر لە دەقی (كلیل)دا دەڵێت:

بەدەم پیاسەوە

**كچەكەم پرسی: باوە، ڕاستە ئەم وڵاتە بۆ ژن زیندانێكی گەورەیە؟!**

**دەنگی لەرینەوەی تۆپەڵە كلیلی كەمەری ئەو پیاوەی لە پێشمان دەڕۆیشت**

**قسەی پێ نەهێشتم.** (تاهیر، 2021: 93)

لەم هۆنراوەیەدا دیالۆك لە شێوەی پرسیاری كچ و بێدەنگی باوك دروست دەبێت، بەجۆرێك بەشی یەكەمی یەكەمی دیالۆگەكە دەبێت بە دیالۆگی دەرەكی، ئەویش پرسیارە كچە سەبارەت بە: (ڕاستە ئەم وڵاتە بۆ ژن زیندانێكی گەورەیە؟!)، هەروەها بەشی دووەمی دیالۆگەكە لە جۆری دیالۆگی ناوەكییە، بەوەی باوك بێدەنگ دەبێت، بەڵام لەناخیدا و لەڕێی بیستنی(دەنگی لەرینەوەی تۆپەڵە كلیكی كەمەری ئەو پیاوەی لە پێشمان دەڕۆیشت)ەوە خوێنەر ڕاپێچی نێو پرۆسەی دیالۆگە تەواو نەكراوەكە دەكات و پێی دەڵێت: پیاوان پاسەوانی ئەو زیندانە گەورەیەن. لێرەدا زیندن و كلیل واتای میتافۆری وەردەگرن و ئێستاتیكا و شیعرییەت بە زمانی دیالۆگەكە دەبەخشن.

لە دەقی (لۆكە)دا شاعیر دەڵێت:

**جوتیارەكە، گلەیی لە بەرهەمی گەنم و جۆ دەكرد**

**دڵم نەهات پێی بڵێم**

**لێرە برین هێندە زۆر بووە**

**باشترین شت چاندنی لۆكەیە لۆكە.** (تاهیر، 2021: 80)

شاعیر لەڕێی دیالۆگی دەرەكیی كارەكتەر جوتیارەوە كە گلەیی لە بەرهەمەكەی دەكات، دیالۆگێكی ناوەكییەوە لەلا گەڵاڵە دەبێت و تێیدا زمان بە ئاراستەیەكی جیاواز دەبات و لەناخی خۆیدا ئاماژە بەوە دەكات كە چاندنی لۆكە بۆ حاڵی ئەم ڕۆژگارە لە چاندنی گەنم وەكو خۆراكی سەرەكی و باوی كوردەواری بەسوودترە، نەك لەبەر ئەوەی سوود و قازانجی ماددی زیاترە، بەڵكو بەهۆی زۆری برین و غەمەوە، لێرەدا شاعیر واتای میتافۆری برین و لۆكەی مەبەستە، بەمەش شیعرییەتی زمان بەهۆی لادان لە واتای فەرهەنگییەوە فەراهەم بووە. بەم شێوەیە دیالۆگ دەبێتە ئامرازێک بۆ بەرجەستەكردنی گرژی دەروونی و فیکری نەک تەنیا ئاڵوگۆڕی وشەكان. ئێلیۆت لە پێشەكیی كوشتن لە كەنیسەدا دەڵێت: "كاتێک دیالۆگ وەک شیعر دەنووسرێت، نەک تەنیا بەدوای مانادا دەگەڕێت، بەڵكو دەنگدانەوەی ڕۆحیش هەڵدەگرێت." (ئێلیۆت، 1935، ص 7)

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (148-163)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.8

**چوارەم/ لادانی واتایی**

شاعیر لەڕێی لادانەوە واتای فەرهەنگیی وشەکان دەگۆڕێت، چونکە لە ڕوانگەی پێکهاتەییەوە دیالۆگی شیعری، هێڵی کات و دەربڕینی ڕاپۆرتیی ڕاستەوخۆ تێدەپەڕێنێت و پشت بە قرتاندن و چڕبوونەوە و لادان دەبەستێت، ئەمانەش ئەو توخمانەن کە لە بنەڕەتدا پەیوەستن بە پێکهاتەی شیعرییەوە. سەرەڕای ئەوەش بەکارهێنانی هێما و وێنە ڕەوانبێژییەکان لەناو دیالۆگدا بۆشاییەکی واتایی کراوە دروست دەکات کە ڕێگە بە لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەدات. لێرەدا، ئەدۆنیس دەڵێت "کاتێک دیالۆگ بە شیعر دەنووسرێتەوە، دەربڕینی کۆتایی ناگەیەنێت، بەڵکو مانا بەڕووی ئەگەرەکاندا دەکاتەوە" (ئەدۆنیس، 1993، ص 128). ئەم کرانەوەیە ئەو شتەیە کە دیالۆگی شیعری لە دیالۆگی ڕاپۆرت ئاسا جیا دەکاتەوە، لەم ڕووەوە شاعیر لە دەقی (ڕەشەبا)دا دەڵێت:

**باپیرم**

**جەمەدانییەکەی توند توند دەبەست**

**دەبوایە لەو کاتەوە تێبگەم**

**ڕەشەبای ژیان، هەمیشە یاری بەسەر دەکا.**

شاعیر لە دیالۆگێکی ناوەکیدا کە لە ڕێی هەستی بینینەوە بەرجەستە کراوە، زمان بەشدار دەبێت لە یاریکردن بە واتای فەرهەنگیی وشەی (سەر)، بەوەی باوکی بۆیە هێندە بە توندی سەری بە جەمەدانی دەبەستێتەوە، چونکە ژیان هێندە سەختە هەمیشە یاری بە هز و عەقڵی مرۆڤەوە دەکات. واتە بە وردبوونەوە لە هۆنراوەکەدا دەردەکەوێت کە لە دێری دووەمدا وشەی (سەر) قرتاوە و لە ڕەسەندا دێرەکە بەم شێوەیە: (**جەمەدانییەکەی توند توند بە سەریەوە دەبەست**) سەر لەم دێرەدا بە واتا فەرهەنگییە باوەکەی هاتووە، ئەویش مەبەست لێی سەری مرۆڤە، بەڵام لە کۆتا ڕستەی هۆنراوەکەدا (**ڕەشەبای ژیان، هەمیشە یاری بەسەر دەکا**) سەر بە واتای خوازەیی بەکارهێنراوە کە مەبەست لێی مێشکی مرۆڤە. ئەم جۆرە لە دیالۆگ لە ڕێی تەداعییەوە ئەنجامدراوە، واتە بە بینینی بەستنەوەی جەمەدانی کارەکتەر مۆنۆلۆگی بۆ دروست بووە و بیری بۆ لای دیاردەیەکەی دیکە ڕۆشتووە کە بیر و عەقڵی مرۆڤە، کە پێویستە جڵەوگیر بکرێت نەبادا بەر ڕەشەبای هەڵخەڵەتێنەر و غەدرەکانی ڕۆژگار ببێتەوە.

بە هەمان شێوە لە دەقی (هوجام سوورچی) دا شاعیر جێگۆڕکێ بە وێنە و فۆرمی وشەیەك دەکات و دەڵێت:

**دایکی هەر دەیگوت، وجام**

**ئێمەش بیرما دەهێنایەوە کە ناوی هوجام سوورچییە**

**تا کوڕە بچووکەکەی بە دزییەوە گوتی**

**لەوەتەی سەریان بڕیوە، دایکمان دڵی نایە سەری ناوەکەی بڵێت.** (تاهیر، 2021: 75)

لەم دەقەدا شاعیر لەڕێی دیالۆگێکی دەرەکییەوە ئێستێتیکای زمان لە ئاستی وشە و وێنەدا بەئەنجام دەگەیەنێت و خوێنەر دەباتە نێو واقیع و لە دەرەوەی دەقدا کردەی دڕندەیی چەکدارنی داعش (سەربڕینی هوجام سوورچی) لە ڕێی قرتاندنی سەری ناوەکەیەوە وێنادەکات و شیعرییەتی زمانی دیالۆگ پەرپادەکات.

**شاعیر لە دەقی (هابیل)دا دەڵێت:**

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (148-163)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.8**

**ڕۆژ نییە لەم گەردوونە کۆمەڵە خۆری تر نەدۆزنەوە**

**ئەی نەمدەگوت**

**ئەو بەردە بچوکانەی لە پێڵاوی باوکمدابوون کە لە کرێکاری دەگەڕایەوە**

**ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبنە هەسارە؟!** (تاهیر، 2021: 65)

ئەم دیالۆگە تاکلایەنە و لە جۆری مۆنۆلۆگە، شاعیر لە ڕێی زمانی شیعرییەتەوە لێکچواندن لەنێوان دوو دیاردە دەکات، یەکەم: کۆمەڵە خۆر کە زۆر مەزن گەورەن. دووەم: بەردی بچوکی ناو پێڵاو، کە مەزن و گەورە بە ئەندازەی کۆمەڵەخۆر گەورەن لە پیرۆزی ئەرك و ماندووبووندا، لە لایەکی دیکەیشەوە ناونیشانی دەق بەشدارە لە شیعرییەت، بەوەی بە ناڕاستەوخۆیی باوکی کرێکار چوێنراوە بە هابیلی کوژراوی غەدرلێکراو لەلایەن ڕۆژگار و گەردوونەوە.

**پێنجەم/ مۆنۆلۆگی ئاراستەکراو**

مۆنۆلۆگ بە جۆرێکی سەرەکی دیالۆگ دادەنرێت و "شێوازێکی گێڕانەوەیە بەکاردەبرێت بۆ گوزارشتکردن لە لێشاوی ئاگایی ناوەکی کارەکتەر، کە تێیدا بیرکردنەوە و هەستەکانی کارەکتەر ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرێن"(همفری، 1971: 23). مۆنۆلۆگی ئاراستەکراو بە شێوەیەکی تایبەتی مۆنۆلۆگ دادەنرێت، بەڵام زۆرجار وەکو دیالۆگ دەردەکەوێت بەوەی کارەکتەر یان گێڕەرەوە قسەکانی ئاراستەی کەسێکی نادیار دەکاتەوە، چونکە "گێڕەرەوە یان کارەکتەر قسەکانی ئاراستەی قسەبۆکراوێکی نادیار دەکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا دیالۆگێکی تاك لایەنە و کەس وەڵامی ناداتەوە"(مرتاض، 1998: 212) ئەم شێوازە لە ئاراستەکردنی زمان ڕەهەندی شیعرییەت دەبەخشێت بە دیالۆگ و لە قسەکردنی پەخشانی جیای دیکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە هەندێك لە ڕەخنەران پێیان وایە ئەم مۆنۆلۆگە "جۆرێکە لە دیالۆگ کە بە یەک دەنگ دێت، واتە دیالۆگەکە ئاڵوگۆڕی قسەی نێوان دوو کارەکتەر یان زیاتر نییە، بەڵکو قسەکان ڕاستەوخۆ ئاراستەی خوێنەر کراوە، بە مەبەستی گەیاندنی بیرۆکەکانی ناوەوەی کارەکتەرەکە بەبێ دەستتێوەردانی گێڕەرەوە؛ بەم شێوەیە، خوێنەر دەبێتە تاکە وەرگر"(عبدالله، 2023: 467). بە واتایەکی دیکە لەم مۆنۆلۆگەدا ڕاستە قسەکان وا دەردەکەوێت ئاراستەی قسەبۆکراوێکی نائامادەکراوەتەوە، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینەی شاعیر خوێنەرە. لە پراکتیزەکردنی زمان بەم ئاراستەیەدا شاعیر تەڵعەت تاهیر لە هۆنراوەی (تین)دا دەڵێت:

**وەکو هەنجیر**

**هەندێ قسەی شیرینی تۆم وشك کردۆتەوە**

**بۆ ئەو کاتانەی لێرە نیت**. (تاهیر، 2021: 186)

لەم دەقەدا شاعیر وەکو گێڕەرەوەی ناوەوەی دەق قسەکانی ئاراستەی گوێگرێکی نائامادە دەکاتەوە، ئەمەش بۆ خۆی لادانە لە نۆرمی قسەکردنی ئاسایی، لە پاڵ ئەمەشدا دیالۆگە تاك لایەنەکەی بە لێکچواندنێك لەنێوان قسەی خۆشی یار و هەنجیری وشککراوە فەراهەم کردووە، بەواتایەکی دیکە شاعیر قسەی خۆشەویستی چواندووە بە هەنجیر، بەوەی هەم شیرینە و هەم ماوەیەکی کورت بەردەستە، چونکە هەنجیر میوەیەکی وەرزییە. بۆ پڕکردنەوەی ئەو کاتانەی قسەی یار (هەنجیر) بەردەست نییە، هاوشێوەی هەنجیر وشکی کردووەتەوە، ئەمەش بۆ خۆی لادانێکی واتایی داهێنەرانە دروست دەکات و شیعرییەتێکی باڵا و ناسك دەبەخشێت بە وێنەکە، بەوەی وشککردنەوە وەکو کردەیەك بۆ کەرەستەی ماددی ئەنجام دەدرێت، کەچی شاعیر ئەم سیفەتەی بەخشیوە بە قسەی یار.

لە دەقی (تریفە)دا شاعیر دەڵێت:

**دەزانی چۆن خۆشم دەوێی؟!**

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (148-163)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.8

**وەك باپیرەم**

**قەت بە داپیرەمی نەگوت تۆ مانگی منیت**

**کەچی هەموو شەوە تاریکەکانی لەگەڵ بەش کرد. (تاهیر، 2021: 197)**

لێرەدا شاعیر لە مۆنۆلۆگێکی ئاراستەکراوەوە نموونە و وێنەیەکی پاك و بێگەرد و دوور لە نمایشکردن لە هۆنراوەکەی پێشکەش دەکات، بەوەی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە کارەکتەری قسەبۆکراو (خۆشەویست) بە خۆشەویستی باپیرەی بەرامبەر بە داپیرەی دەچوێنێت، کە پاپیرە چۆن بەبێ دەنگی و بە هەڵسوکەوت و ڕەفتار ناخۆشییەکانی داپیرەی بە هاوتەریبی لەئەستۆگرتووە و تەمەنی خۆی پێ بەخشیوە. لەم مۆتیڤە شاعیر شیعرییەتی دەقی لەنێوان جوانی دەق و جوانی پەیامدا دابەش کردووە، ئەمەش بۆ خۆی دیسانەوە بە لادان هەژمار دەکرێت، چونکە لەوەتەی مرۆڤایەتی هەبووە، لەڕێی شیعر و وتەی جوان و بەڵێن و پیاهەڵدانەوە خۆشەویستی بۆ یار دەربڕاوە، بەڵام لەم هۆنراوەیەدا بەپێچەوانەوە تەنیا پەیمانی هەڵگرتن و بەشکردنی غەم و ناخۆشییەکان بە خۆشەویست دراوە، وەکو ئەوەی شاعیر بڵێت: ژیان پڕە لە دەردەسەری و هیچی تر.

شاعیر لە هۆنراوەی (لەزەت)دا دەڵێت:

**تووڕەبە**

**تۆ دەڵێی قاوەیت**

**تا هەڵبچیت تامت خۆشتر دەبێ.** (تاهیر، 2021: 150)

لەم دەقەدا شاعیر لە ڕێی بەکارهێنانی کرداری داخوازی (تووڕەبە)وە دیالۆگەکەی ئاراستەی (تۆ)ی قسەبۆکراو دەکاتەوە، بەمەش زمان دەبێت بە ئامرازێکی کارای شیعرییەت لە چوارچێوەی ئەم دیالۆگە تاکلایەنەوە. هەڵچوون و توڕەبوون لە چەند حاڵەتێکی کەم و دیاریکراودا نەبێت، بە گشتی بە دیاردەیەکی نەخوازراوە، بەڵام لەم وێنەیەدا شاعیر لادان لەو دیاردە باوە ئەنجام دەدات و خۆشەویست لە سیفەتی هەڵچووندا بە قاوە دەچوێنێت، کە چۆن بەو پرۆسەیەدا تێنەپەڕێت تام و چێژ و بەهای خۆی بەدەست ناهێنێت، بەهەمان شێوە شاعیر چێژ لە هەڵچوونەکانی خۆشەویست دەبینێتەوە.

هەروەها لە هۆنراوەی (ئەیوب)دا شاعیر دەڵێت:

**جوانیی؟**

**تۆ و شیعر هەمووتان برد و هیچتان نەهێشت**

**سەبر؟**

**من و ئەیوب هەموومان برد و هیچمان نەهێشت.** (تاهیر، 2021: 159)

لێرەدا شاعیر لەڕێی پرسیارکردنەوە دیالۆگ دەخوڵقێنێت و پرسیار ئاراستەی گوێگر دەکاتەوە و ئامادەی پرۆسەی دیالۆگەکە دەبێت، بەڵام نەبوونی وەڵام لە لایەن گوێگرەوە وا دەکات ببێت بە مۆنۆلۆگێکی ئاراستەکراو. شاعیر لە ڕێی لێچواندن لەنێوان خۆشەویست (تۆ) و شیعر، شاعیر (من) و ئەیوب دا، هەروەها دژیەکیی لەنێوان جوانی تەواوەتی و سەبر و بێبەشبوونی تەواوەتی دا زمانی شیعرییەتی بەخشیوە بە دیالۆگەکەی. لە لایەکی دیکەوە جوانی و سەبر وەکو دوو کەرەستە وێناکراون، کە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێن، هەروەك چۆن یار و شیعر دەستان بەسەر

جوانی گرتووە، هەروەها شاعیر و ئەیوب ئارامگرتنیان بۆ کەس نەهێشتووەتەوە، ئەمەش دەبێت بە لادانی واتایی و شیعرییەتی دیالۆگ. شاعیر لەم وێنەیەدا سوودی لە ڕەمزی ئاینی وەرگرتووە، واتە شاعیر "بۆ دروست بوونی وێنەی هونەری، وادەبێ بونیادی دەقی بابەتە ئاینییەکان دەکاتە سەرچاوە."(خۆشناو، 2010: 315)

شاعیر ئەم جۆرە مامەڵە زمانییەی لەنێو پرۆسەکانی دیالۆگدا لە هەموو جۆرەکانی دیکە زیاتر بەکاربردووە، دەقی (لێکدانەوە)، لاپەڕە 146 و دەقی (شایەتی)، لاپەڕە 210 و دەقی (فیرعەون)، لاپەڕە 392 نموونەی ئەم جۆرە دیالۆگەن.

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. تەڵعەت تاهیر دیالۆگی مەزراندووە لەبەرهەمهێنانی شیعرییەتی دەقدا، بەجۆرێك شاعیر توانیویەتی لەڕێی تەکنیکێکی دیاری گێڕانەوەوە ئاستی شیعرییەتی هۆنراوەکانی بەرز بکاتەوە و دەقەکانی سیمای شیعرییان بەسەردا زاڵ بێت.
2. شیعرییەتی دیالۆگ بەشێوەیەکی فراوان لە ڕێی دیالۆگی هەستییەوە فەراهەمکراوە، بۆ بەرپاکردنی ئەم جۆرە دیالۆگە شاعیر پشت بە هەستی بیستن و بینین و بۆنکردنەوە دەبەستێت.
3. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هۆنراوەکانی تەڵعەت تاهیر بریتییە لە دوواندنی خوێنەر، دیالۆگیش تەکنیکێکە شاعیر بۆ ئەومەبەستە سوودی لێ بینیوە، بە جۆرێك دیالۆگ لە کەرەستەیەکی گێڕانەوە بکات بە دەروازەی بەرهەمهێنانی شیعرییەت.
4. لە چوارچێوەی پرۆسەی دیالۆگدا شاعیر سوود لە زمانی شیعرییەت وەردەگرێت و دوور دەکەوێتەوە لە زمانی سادە و ئاسایی، بەمەش جێگۆڕکێ بە واتای فەرهەنگی وشە و کەرستە زمانییەکان دەکات.
5. لەنێو جۆرەکانی دیالۆگدا بە گشتی مۆنۆلۆگ باڵا دەستە و شاعیر لە ڕێی مۆنۆلۆگی ئاراستەکراوەوە هەوڵی داوە شەپۆلەکانی ئاگایی و پرۆسە دەروونییەکانی ئاراستەی خوێنەر بکاتەوە، ئەمەش بە لادان لە زمانی ئاسایی دیالۆگ و پشت بەست بە زمانی شیعرییەت ئەنجامدراوە.
6. ئاوێتەکردنی دیالۆگی دەرەکی و دیالۆگی ناوەکی (مۆنۆلۆگ) دیاردەیەکی نێو پرۆسەکانی دیالۆگی شیعرەکانی تەڵعەت تاهیرە، واتە شاعیر زۆرجار لە ڕێی دیالۆگێکی دەرەکییەوە پەیامی شیعری خۆی ئاراستەی کەسی قسەکەر دەکاتەوە، بەڵام گوێگر بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و بە مۆنۆلۆگێگ وەڵامەکەی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات.

**لیستی سەرچاوەکان:**


1. أدونيس، (1993)، زمن الشعر، دار العودة، بيروت.
2. الخميس، عبدالحمن بن صالح (2020)، شعرية الحوار في القصيدة السعودية المعاصرة، مجلة بحوث كلية اداب، مجلد 31، عدد 120.
3. العلوي، عبد الرحمن. (2009) أساليب التعبير في الشعر العربي المعاصر، دار الكتاب الجديد، بيروت.
4. المرعي، محمد سعيد، (2007) الحوار في الشعر العربي القديم، امروىء القيس نموذجا، مجلة جامعة تكريت، مجلد 14، عدد 3.
5. الوتوات، عبدالله احمد (2017) اساليب الحوار في شعر ابن وردي، المجلة العلميةلكلية التربية بجامعة مصراتة، مجلد2، عدد8، يونيو.
6. باختين، ميخائيل، (1981)، خطاب الرواية، ت: محمد برادة، دار الآداب، بيروت
7. تاهیر، تەڵعەت، (2021)، ناوی تۆ ئیمزای منە، دەزگای فام، هەولێر.
8. خۆشناو، هێمن عومەر، (2010)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
9. جەمال، 2008، ص 90)
10. جەمیل، هاوکار، (2021)، گێراوە لە داستان و شانۆ مەم و زین بە نموونە، ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین، هەولێر.

***Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (148-163)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.8**

11. حمەامین, سارا صدقی، (2020)، هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا(1920-1958)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
12. حەسەن، شێرزاد، (2012)، کۆ ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج، چاپی دووەم، سلێمانی.
13. عبدالله، جعفر احمد، (2023)، الحوار الأحادي وهيمنة فعل التخاطب المتلفظ، المجلة العلمية آداب المستنصرية، مجلد 47 – عدد *104*.
14. عەلی، بەختیار، (2024)، ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهاران، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی.
15. كونديرا، ميلان، (1999)، فن الرواية، ت: بدرالدين عرودكي, دار الأهالي, ديمشق.
16. كيليطو، عبد الفتاح، (1991)، الأدب والغرابة: دراسات بنيوية في الأدب العربي، دار توبقال، الدار البيضاء.
17. محەمەد، عوسمان محەمەد و مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا، (2021) شیعرییەتی ڕەوانبێژی لە هۆنراوەکانی (مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییان)دا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە(1)، بەرگی (6).
18. مرتاض، عبد الملك، (2000)، تحليل الخطاب السردي: مفاهيم وأدوات، دار هومة، الجزائر.
19. مەجید، دیار فایەق، (2017)، دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)ی ئەحلام مەنسوردا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی 3، کۆنفرانسی خانەقین: https://jgu.garmian.edu.krd/article_66316_35432d50c91edd2ca0e4dc007b4a2ed7.pdf
20. نوفل، يوسف، (2000)، فن الشعرية والمسرحية العربية، دار الغريب، قاهرة.
21. هلسا، غالب، (1992) تقنيات السرد، دار الفارابي، بيروت.
22. همفري، روبيرت، (1971)، تيار الوعي في الرواية الحديثة .ترجمة: عبد الله إبراهيم، دار الثقافة.
23. هيلال، د. عبدالناصر (2006)، اليات السرد في الشعر العربي المعاصر، مركز الحظارة العربية، القاهيرة.
24. Bernard, Suzanne. (1959) *Le Poème en Prose: de Baudelaire jusqu'à nos jours*. Paris: Librairie José Corti.
25. Bernard, Suzanne. (1964). *La littérature expérimentale: Le nouveau roman*. Paris: Gallimard.
26. Cohen, J. (1977). *Structure du langage poétique*. Flammarion.
27. Eagleton, Terry. (1996) *Literary Theory: An Introduction*. University of Minnesota Press.
28. Eliot, T. S. (1935). *Murder in the Cathedral*. London: Faber and Faber.
29. Hemingway, Ernest, (1952) The Old Man and the Sea, Common editions.
30. Homer. (1998), *The Iliad*. Translated by Robert Fagles. New York: Penguin Classics.
31. Jakobson, R. (1960). *Closing Statement: Linguistics and Poetics*, in *Style in Language*, MIT Press.
32. Todorov, Tzvetan. (1981) *The Poetics of Prose*. Oxford: Blackwell.